# من بۆ ئەوەی ویشدانم ئارامبێت و پڵنگی هەراسانیم لەوەزیاترم نەڕنێ بە کاکە سلێمان چیرە(هێرش ) و گۆڤاری گزینگ دەڵێم ببورە ..

حەمەشوان شەریف
Jan 22, 2005
Hamashwan1@hotmail.com

وەک چۆن( گومان سزای هەموومانە) ..... ....... ئاواش( هەر ڕاستی ووتنە دەبێ بە سزامان)
ڕامبۆی شاعیر حەمەشوان

من وەک خوێنەرەیکی بەردەوام و نوسەرێکی گۆڤاری(گزینگ ) لە کاتی خۆیدا بەردەوام بابەتم بۆ بڵاودەکرایەوەو هەتا بڵێی لە گۆڤارە کە ڕازیبووم و ماسی چاوەکانم لەگۆمی خوێندنەوەیدا لە مەلەیان بێزارنەدەبوون ، بۆ ئەو دەمە بەدانسقە گۆڤاری وەها دەبینرا چ وەک ناوەرۆک و نوسین و مۆتیف و تایپ ، هەڵە بەدانسقە دەبوو بەمیوانی ئەو گۆڤارە.

لەو ڕۆژەوەی کاکەهێرش کە سەرنوسەرو بەرپرسی ئەو گۆڤارەیە و ( بووە) نوسراوێکی بڵاوکردۆتەوە لەڕێکەوتی2004 10 13 لە کوردوستان نێتدا لەژێر ناونیشانی (بۆ ئەو نوسەرانەی دزی لەخۆشیان دەکەن )من کەوتومەتە خۆخواردنەوە و ئازاردانی جەستەی خۆم ،بەڕاسگۆییەوە هەستم دەکرد یەکێکم لەو نوسەرانەی کە ئەو (کاکە هێرش)ە مەبەستی بوو ، سەر نوسەری گۆڤاری گزنگ باوەڕی بەو ڕاستیە هەیە کە وشەی لێهەڵماڵێت و ئاوا بەزبـری وشە بدا بە ڕویی ڕەوتو ئەدەبی گوڤارەکەی ! ،. کەم تا زۆر من دەزانم سەرنوسەر بەدەزوی شەو نوخونی خۆیی میزانێکی یەکسانی بەباڵای ڕۆژنامەکەیدا چینیوە و ڕۆژنامەکەی چووەتە خانەی هەناسەکانی تازە ڕەوتەوە وکۆششەکەشی لای من دەمێنێتەوە و هەر گیز پیرنابێ !

من بابەتەکە زۆر درێژ ناکەمەوە و بیلال ئاسا بانگ بە کولەکەکەدادەم ! .
زۆر بەی ئەونوسەرانەی لەگۆڤاری گزیندا نوسراومان بڵاودەکردەوە ،ئەگەر هەمان نوسراومان لەجێگەیەکیتردا بڵاو کردبێتەوە ئێستا ، ئاماژەمان بەوە نەداوە کەئەم نوسراوە لەپێشدا لە گۆڤاری گزینگیدا بڵاوکراوەتەوە ،وەک یاسایی ڕۆشنامەوانی مافی کاکە هێرشەو بەڕەوای خۆی دەزانم کە وا تورە دەبێ و تۆپەڵە ڕستەیەکمان تێدەهاوژێت و دەڵێ : – ئەو نوسەرانەی دزی لەخۆشیان دەکەن من وەک خۆم لەساڵی 1995 تـــا2003دا بابەتی جۆراوجۆرم بڵاوکردۆتەوە لە گۆڤاری گزینگدا ( چیرۆک – شیعر ، ) دان بەوڕاستیەدا دەنێم و ئاماژەم بەهیچ نوسراوێکی خۆم نەداوە کە لەوپێش لەو گۆڤارە شیرینەدا کە(گزینگ ) ە بڵاوم کردۆتەوە بەڵام وتومە کە لە گۆڤارە کوردیەکاندا لەبڵاوکردنەوە دریخیم نەکردوە ،نە ئەمە بەتەنیا من و بەس ..بەڵکۆ زۆر بەی زۆری ئەو نوسەرانەی کە ئێستا لە هەموو ڕۆژنامە ئەلەکترۆنیەکانی ڕۆژانەدا بڵاو کراوەیان هەیە لە وانیشدا ڕەچاوم کردوە و کانی چاوی ئەوانیش لەم لیتاوە یان بەرکەوتوە ! ...

من بۆ ئەوەی ویشدانم ئارامبێت و پڵنگی هەراسانیم لەوە زیاترم نەڕنێ داوای لێبوردن لەکاکە هێرشی سەر نوسەری گۆڤاری گزنگ دەکەم و هیوادارم لەم ڕووەوە شەپۆلی هەناسەکانی بخاتەوە گەڕوو ناوی ناسکترمان بۆ بدۆزێتەوە لەبری ئەو وشە زبرەی بەکاریهێنابوو (دزی) کە وای لەمن کرد ئەم کورتە وەڵامە بنوسم و بەس .....